# بگەڕێوە بۆ لایان وداوای مۆڵەتیان لێبکە، ئەگەر مۆڵەتیان پێدایت؛ ئەوا جیهاد ئەنجامبدە، ئەگەر نا؛ ئەوا چاکەکار بە بەرامبەریان

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک کۆچی کرد (هیجرەتی کرد) بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- لە یەمەنەوە، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێی فەرموو: «ئایا کەسی خزمت هەیە لە یەمەن؟»، پیاوەکە ووتی: دایک وباوکم، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئایا مۆڵەتیان پێدایت (بۆ ئەوەی کۆچ بکەیت)؟»، پیاوەکە ووتی: نەخێر، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «بگەڕێوە بۆ لایان وداوای مۆڵەتیان لێبکە، ئەگەر مۆڵەتیان پێدایت؛ ئەوا جیهاد ئەنجامبدە، ئەگەر نا؛ ئەوا چاکەکار بە بەرامبەریان».

[صەحیحە بە شەواهیدەکانیەوە] [ئیبنوداود گێراویەتیەوە - ئەحمەد گێراویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پیاوێک لە یەمەنەوە هات بۆ ئەوەی مۆڵەت لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وەربگرێت بۆ ئەوەی جیهاد ئەنجامبدات، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پرسیاری لێکرد سەبارەت بەوەی ئایا مۆڵەتی لە دایک وباوکی وەرگرتووە پێش ئەوەی بێت بۆ جیهاد کردن یان نا؟، وا دیارە کە مۆڵەتی لێیان وەرنەگرتووە، بۆیە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمانی پێیکرد بەوەی بگەڕێتەوە بۆ لایان وچاکەکار بێت بەرامبەریان، بۆیە ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مۆڵەت وەرگرتن لە دایک وباوک پێش چوون بۆ جیهاد کردن بەهەند وەرگیراوە لە شەریعەتدا بە تایبەت ئەگەر جیهادی بەرگری (جهاد الدفع) نەبێت لە خاکی مسوڵمانان، چونکە جیهادی بەرگری فەرزە لەسەر هەموو مسوڵمانێکی باڵغی نێر کە توانای هەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64599